# ئەی هاوار دکتۆر کەمال نەفڕینراوە، بەڵکو ڕفێنراوە. ... هەنگاو

ئەوە ماوەیەکە لەوەتەی دکتۆر کەمال لەلایەن پارتێکی سیاسیەوە ڕفێنراوە کەمن نامەوێ بچمە ناو سیاسەت، چونکە ماشەڵا هەموو نوسەرەکانمان بووینەتە سیاسی، کەچی نازانن جیاوازی چیە لەنێوان ڕفێنراو و فرێنراو.
فڕێنراو ئەو شتەیە کە بەزۆر بەدەستی بهێنی، واتە بێ ڕەزامەندی بەرامبەر، بۆ نمونە بێ سەروشوێن کردنی کەسێك لەلایەن چەند کەسانێکەوە کە ئەوە پێی دەگوترێ ڕفاندن. بۆ نمونە دەڵێن: کابرایان ڕفاند. یاخود منداڵێك شتێکی پێیە و، منداڵێکی هاوڕێی ئارەزووی دەچێتێ و، بەزۆر لێی دەڕفێنێ، نەوەك لێی دەفڕێنێ.

یاخود یەکێك بەلای کۆمەڵێك کۆتر یان چۆڵەکە و هتد دا دەڕوا و، کۆترەکان یان باڵندەکان دەفڕێنێ. واتە لەترسی کابرا دەفڕن، و دەرباز دەبن. بەپێچەوانەی ڕفاندن کە دەربازبوونی نییە.
زۆر کەس خەو بەوەوە دەبینن کە بفڕێندرن و چۆلەکە ئاسا لەشەقەی باڵەکانیان بدەن و بەرەو ئاسمان هەڵفڕن.
کوردستان پۆست لەبابەتی هەرە سەرەوەی خۆیدا نوسیوویەتی پارتی نەخوێندەوارە و دکتۆر کەمالی فڕاندووە، منیش دەڵێم خۆ کوردستان پۆست ئێوە بەناو زۆر خوێندەوارن، بۆیە دەبوابیە جیاوازی بکەن لەنێو فڕێندراو و، ڕفێندراو.

کاك دەرسیم دیبەگەیی لەنوسینێکیدا دەڵێ: دکتۆر کەمال فڕێندرا، منیش دەڵێم کاك دەرسیم ئێستا دکتۆر کەمال خەون بەوەوە دەبینێ کە یەکێك بی فڕێنێ و لەزیندان ڕزگاری بکا.
کوردستان تیڤی لەکورتە تەمسیلیەکدا کەباسی ڕفاندنی ژن و مێردی دەکرد لەئەمەریکا کە بەپیاوێك دەڵێن ئێمە ژنەکەتمان فڕاندووە. هەروەها بەپێچەوانەوەش بەژنەکەشیان گووت: ئێمە پیاوەکەتمان فڕاندووە. منیش دەڵێم کوردستان تیڤی فڕاندن نییە، بەڵکوو ڕفاندنە.
هەروەها کوردسات تیڤی لەبابەتی ڕفاندنی منداڵدا زۆربەیان دەیان گووت: مناڵ فڕاندن نەك ڕفاندن.
لەکۆتاییشدا ماوە بڵێم، خۆزگە نوسەرەکانمان لەنوسینەکانیاندا ئەفڕاندنیان دەکرد و، دوور دەبوون لەڕفاندن لەلایەن دسەڵاتدارانەوە.
هیوادارم نوسەرانمان لەمەودوا جیاوازی بکەن لەنێوان ڕفاندن و فڕاندن.

Aktar-73@hotmail. com